# پێکەوە بۆ سوید

**من باوەڕم بە هاوکاری هەیە.** ئەزموونەکە لە دەمی پەتاکەدا و هەروەها شەڕی ئۆکرانیا نیشانی دا کە سوید توانی ڕووبەڕووی قەیران ببێتەوە وەک یەک وڵات لە کاتی پەتاکە دا، خەڵک هاوئاهەنگ بوون بۆ پاراستنی تەندروستی ئەوانی تر. ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی سووید کە ڕێکۆردی شکاندوە، داوای نێشتمان پارێزیان کردوە وە خۆیان ئامادە کردووە بۆ بەرگریکردن لە وڵاتەکەمان. وە ئێستا هەموو بەرگریە گشتیەکانی سوید رێکەپێک و نوژەن دەکەینەوە.

**دەمەوێت سوید بەهێز بکەم.** بەهەمان یەکڕیزیی کە لەکاتی پەتادا هەمان بوو دەبیت بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەدا بکەین کە ووڵاتەکەمان لاواز دەکات. تاوانە گەورەکان و جوداسازیی نەژادەی زیان بە تەواوی کۆمەڵگاکەمان دەگەیەنێت. پشتبەستنمان بە سووتەمەنی فوسیل مەترسییە چ بۆ ئاووهەوا و چ بۆ ئاسایشمان.
وە پارەی باج کە دەبێ بچێت بۆخزمەتگوزاری قوتابخانە سویدییەکان و چاودێری بەساڵاچوان، وەک قازانجێک لەلایەن سەرمایەدارانی سەرەڕۆیەوە دەبردرێن.

پێویست ناکات دۆخەکە بەم شێوەیە بێت. دەمانەوێت بیگۆڕین.

**دەمانەوێت:**

- دەبێت هەموو بەردێک هەڵدەینەوە بۆ لەناوبردنی تاوان و شکاندنی جوداسازی.
- کاری نوێ لە سوید بخۆلقێنین بە کۆنترۆڵکردنی باری کەش و هەوا.
- کۆنتڕۆڵی دیموکراسیانە بۆ خۆشگوزەرانی وەربگربگرینەوە.

من هەررچی پێویست بێت دەیکەم بۆ بەهێزکردنی وڵاتەکەمان.
چونکە **سوێدەکەمان دەتوانێت باشتر کار بکات.**

ماگدەلینا ئاندەرشۆن

Socialdemokraterna

ئەمڕۆ ببە بە ئەندام! کۆدی QR بە ئەپی سویش سکان بکە

Lättläst svenska, Soomaali, عربي , English, Español, Suomen kieli, Meänkieli, دری , Davvisámegiella, Deutsch, Srpski, Hrvatski, Bosanski, فارسی , Kurmancî, سۆرانی, Polski, Türk


Sorani
Socialdemokraterna
سویدەکەمان دەتوانێت
باشتر کاربکات

# شەڕی تاوان و شکاندنی جوداسازیی نەژادی بکەین

دەبێت شەڕی کۆمەڵگا لە دژی تاوان بێ بەزەییانە بێت.
هەموو ناوچە نیشتەجێکان دەبێت سەلامەت بن و بارودۆخی ژیان لە ناوچە لاوازەکاندا باشتر بکرێت. هەموو کەسێک بتوانێت کار بکات دەبێت کار بکات.

**دەمانەوێت:**

**سزای زیاتر توند بکەین ودەسەڵاتی دادوەری فراوان بکەینەوە.** پۆلیس، خزمەتگوزاری چاکسازی، داواکاری گشتی و دادگاکان دەبێت ئەو کارمەند و ئامرازانەیان هەبێ کە پێویستن بۆ شەڕکردن لەگەڵ تاواندا. سزاکان بۆ تاوانی پەیوەندیدار بە چەتەکان توند دەکرێنەوە.

**دامەزراندنی نوێ بۆ چەتەکان بوەستێنین.** کۆمەڵگا دەبێت بە خێرایی و کاریگەرانە دەستێوەر بێ کاتێک گەنجان ڕووبەڕووی مەترسیی پەلکێشانیان بۆ ناو تاواندان. هەموو گەنجەکان دەبێ بچن بۆ قوتابخانەیباش و دایک و باوکیان ببینن دەچن بۆ سەر کار. سوید کاتێک بەهێز دەبێت کاتێک هەموو پێکەوە بەشدار بین لە کۆمەکی کۆمەڵگادا.

**شکاندنی جوداسازی.** پێویستە هەموو کەسێک هەمان مەرج و دەرفەتی ڕوونی هەبێت بۆ ئەوەی لەسەر کارەکانی خۆی بژێوی خۆی پەیدا بکات. دەرفەتی پەروەردەیەکی باش، کات بەسەربردنی خۆش، یەکەم کار و خانووبەرە بێ گوێدانە ئەوەی کە گەنجەکان لە کوێ گەورە بوون.



# کۆنترۆڵی دیموکراسیانە بۆ خۆشگوزەرانی وەربگربگرینەوە

پێویستە قوتابخانەکان، چاودێری تەندروستی و چاودێری بەساڵاچوان ریکوپێک بکرێن. فەرمانبەرەکان دەبێت مەرجی کاری باشیان هەبێت و خەڵکی سوید بتوانن کۆنترۆڵی ئەو خۆشگوزەرانیە بکەن کە بەپارەی باجی بۆ دەدەن.

**دەمانەوێت:**

**تالانی خۆشگوزەرانی بوەستێنین.** پارەی باجی خەڵکی سویدی دەبێت بۆ خۆشگوزەرانی بەکار بهێنرێت نەک وەک قازانجێک. خۆشگوزەرانی پێویستە لەلایەن پێداویستی خەڵکەوە بەرێوەبچێت نەک پێویستیەکانی بازاڕ. قوتابخانەکانی سویدی پێویستە ئەولەویەت بە زانیاری منداڵان بدەن نەک قازانجی خاوەنەکانیان.

**باشترکردنی مەرجەکان بۆ کارمەندانی خۆشگوزەرانی.** هەموو کەسێک کە لە قوتابخانە، تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتی کار دەکات، دەبێت مەرجی باشی کارکردن و مووچە و خانەنشینی باشیان هەبێت کە بتوانن پێی بژین.

**بەرزکردنی کوالێتی خۆشگوزەرانی.** پێویستە قوتابخانەکان، تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتی کارمەندی زیاتریان هەبێت، بۆ ئەوەی قوتابیان زیاتر فێر ببن، ڕیزەکانی چاودێری کورتتر بن و سەلامەتی بەساڵاچووان زیاتر بێت.

# خێراکردنی خۆشەکردنی کەش و هەوا/ژینگە بۆ کاری زیاتر

خەڵکی سویدی نابێت پشت بە وڵاتی خراپکار ببەستن بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمبێل یان گەرمکردنی ماڵ. کاتێک ئێمە پیشەسازی و بەرهەمهێنانی وزەمان دەگونجێنین، ئاسایشی سوید زیاد دەکەین، کاری نوێ وەدی دەهێنین لە سەرتاسەری وڵات و دەردانی ئاووهەوا کەم دەکەینەوە.

**دەمانەوێت:**

**لە تەکنیکی سەوزدا سەرمایەگوزاری بکەین و وابەستەییمان بە نەوتەوە ببرینەوە.** وەبەرهێنانی کەشوهەوا ئازادی وڵاتەکەمان زیاد دەکات و هەلی کار لە سەرتاسەری وڵاتدا دەڕەخسێنێت و دەردانی کەشوهەوا کەم دەکاتەوە.

**پشتگیریی پیشەسازیی سوێدی.** پیشەسازی سوید هەر بە باشترین پیشەسازی لە جیهان دا دەمێنێتەوە لە خۆشەکردن و وەدیهێنانی بەرهەم و خزمەتگوزاری نوێ و بەمەش هەلی کاری نوێ پەیدا دەبن.

**پاراستنی بارودۆخی دادپەروەرانە.** هەلی کارە سەوزەکانی داهاتوو دەبێت هەلومەرجێکی باش، موچەی سوێدی و ڕێککەوتنی دەستەجەمعییان هەبێت. دەرفەتەکانی گونجان دەبێ باش بن هەموو کەسێک لە حاڵەتی نەخۆشی یان بێکاریدا ئاسودەیی دارایی هەبێت. ئەوانەی ژیانێکی تەواو کاریان کردووە، دەبێت بتوانن لەسەر مووچەی خانەنشینی خۆیان، بژین. ئەمە بابەتی ڕێزە.